# دوو بەرهەمی تازەی مامۆستا ئەنوەر سوڵتانی

# چاپ و بڵاوکرایەوە



## یەکەم، **کتێبی "بۆکان لە مێژوودا"**

بەرهەمی پتر لە ٨ ساڵ کار و لێکۆڵینەوەی  نووسەر و وەرگێری کورد، مامۆستا ئەنوەری سوڵتانییە. ئەم کتێبە ٣ بەرگییە بنکەی ڕۆشنگەری لە ئاڵمانیا لە دیسامبری ٢٠٢١ دا چاپ و بڵاوی کردۆتەوە و لە سەرجەم ١٧٠٠ لاپەڕەدا ٤٨١ بابەتی سەبارەت بە لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیانی سیاسی، مێژوویی و هونەریی ئەو شارەی کوردستان و ناوچەکانی دەوروبەری لە سەردەمی کۆنیماننا و مادەوە تا ئەمڕۆ گرتۆتەخۆ. وتارەکان پێشتر بەشێوەی زنجیرە وتاری هەفتانە لەسەر ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات- بۆکان (www.bokan.de) بڵاو دەبوونەوە. نووسەر بۆ ئامادە کردنی ئەم وتارانە، بە ٢٨٠ کتێب و وتار و لێکۆڵینەوەدا چۆتەوە و جگە لە چەند بیرەوەرییەکی خۆی، پاشماوەی بەشەکان پشت ئەستوور بە بەڵگە و کتێب و بابەتی نووسراوی کەسانی دیکەن.

پێشتر نەمران برایمی ئەفخەمی و ڕەحمان محەمەدیان بە نووسینی دوو کتێبی "مێژووی فەرهەنگ و ئەدەبی موکریان-بوکان" و "بۆکان لە سەدەی بیستەمدا"، ئاوڕیان لە مێژووی شارەکە داوەتەوە و، بەم پێیە، کتێبی کاك ئەنوەر هەنگاوێکی دیکە  دەبێت لە پێناو ڕوونکردنەوەی مێژووی کۆن و هاوچەرخی ناوچەی بۆکان بەگشتی. بێگومان ئەگەر کەسانی لێکۆڵەر لە داهاتوودا مێژووی ئەم شارە و بەشەکانی دیکەی ناوچەی موکریان و کوردستان بنووسن، ئەم کتێبە دەتوانێ سەرچاوەیەکی بە نرخی یارمەتیدەر بێت بۆیان، بەتایبەت کە هەموو بەشێکی پشتئەستوورە بە بەڵگەی حاشاهەڵنەگرە و لە ڕاستیدا دەوری ئەنسیکلۆپیدیایەکی بچووکی مێژووی بۆکان و موکریان دەبینێت. نووسەر لە سەرتای کتێبەکەیدا نووسیویە:

*"ڕاستە ئەم وتارانە چەقیان لەسەر بۆکان و ناوچەکەی بەستووە، بەڵام جگە لە پشکنینی هەندێك سەرچاوەی تایبەت بە ناوی بۆکان، کەمتر بەشیکی ئەو چوارسەد و چەند وتارە هەیە کە تەنیا بۆکانی گرتبێتەوە و لە پەیوەندی مێژووی گشتی کوردستاندا نەبێت. ئەو کتێب و وتارانەی وا لێرەدا ناسێنراون، سەرچاوەی مێژوویی و ئەدەبی هەموو خاکەکەمانن و منیش هەر بەو ئامانجە خوێندوومنەتەوە و لێرەدا ناساندوومن. نووسینی مێژووی ناوچەیی و خۆجێ یی، لقێکی گرنگی مێژوونووسیی لە ئورۆپایە. هەر لەو لەندەنەی من ئێستا لێی دەژیم، بە دەیان کەس هەن کە تەمەنی خۆیان تەرخانی لێکۆڵینەوە لە مێژووی گەڕەکێکی تایبەتی شارەکە کردووە و لە سەر ئەو قوژبنە تایبەتەی شار چەند کتێبیان نووسیوە. ئەوە لە هەموو ئورۆپا و ڕۆژئاوادا باوە و سەرجەم کاری ئەو کەسانەشە کە بۆتە مێژووی گشتیی وڵاتەکانیان."*

نووسەری کتێبەکە کوردێکی نەتەوەخواز و هاوکات هەڵگری بیری چەپ و دادپەروەرانەیە و دژی هەموو چەشنە شێوازێکی چەوسانەوەی مرۆڤ دەوەستێت، ئەوەش لە بەشێکی زۆری ئەو بابەتانەدا ڕەنگیان داوەتەوە کە تایبەت بە ڕاپەڕینی خەڵکی بۆکان و وەرزێرانی ناوچەی فەیزوڵڵابەگی لە ساڵانی ١٣٣١ و ٣٢ (١٩٥٣)دژ بە ئاغا و خاوەن مڵکەکان کراوە. نووسەر لەم پێوەندییەدا دەڵێ:

*"بەشێك لە ژیانم لە سەردەمێكدا تێپەڕ بووە كە هێشتا سیستەمی نگریسی دەرەبەگایەتی لە ئارادا بوو و ئاغاوات لە ناوچەكەدا خوداییان دەكرد. بەڵام لێرەدا گرنگە یەك خاڵە: هەر شتێكم سەبارەت بەو سیستەمە چەوسێنەرە نووسیبێت، سەبارەت بە سیستەمەكە خۆی بووە، دەنا كێشەی شەخسیم لەگەل هیچ ئاغایەك وەك تاكەكەس یا بنەماڵە نەبووە؛ هەموو هەوڵێكیشم داوە باڵانس ڕابگرم وگەلێك قسە هەبووە بیانكەم بەڵام نەمكردوون بۆئەوەی باڵانسی ڕوانینە سیاسی و باوەڕییەكەم تێك نەچێت. گەلێك جار باسی زوڵم و زۆری ئاغاواتی ناوچەكەم لە سەردەمی كۆدیتای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ [١٩٥٣] كردووە. ئەودەم بۆكان بوركانی ڕاپەڕین و پێشڕەوی شۆڕش و خەبات دژی دەرەبەگایەتی لە هەموو ناوچەكەدا بوو. هەركەسێك مێژووی ئەو ساڵانە بنووسێت، ناتوانێ باسی ئەو ڕووداوانە نەكات. "*

چەند بەشێكی كتێبەكە بریتین لە ناو و ناسنامەی بۆكان، مێژووی دێرین، بەڵگەنامەی سەبارەت بە بۆكان، ڕووداوە مێژووییەكانی ناوچە، چاند و هونەر، كتێب و وتاری زۆر سەبارەت بە بۆكان، هەندێك كەسایەتی بۆكانی، كتێبی بیرەوەریی كەسایەتییە پەیوەندیدارەكان بە ناوچەی بۆكانەوە، ناساندنی هەندێك گیان بەختكردووی ناوچە، پێشڕەوانی كار وكاسبی لەبۆكان، گرنگترین ناوەندەكانی بۆكانی قەدیم و بیرەوەرییەكانی نووسەر لە زیندان و ساڵانی دەربەدەریی خۆی.
نووسەر بە نووسین و وەرگێڕانی دەیان كتێب و سەدان بابەتی پێوەندیدار بە كورد و كوردستان، خزمەتێكی بەرچاوی بە ڕەوتی گەشەسەندنی بیر و ئاگایی نەتەوەیی گەلەكەمان كردووە.

ئەوە تایبەتمەندیی كتێبەكەیە بۆ كەسانێك كە بیانەوێ دەستیان بكەوێت:

*سوڵتانی، ئەنوەر، "بۆكان لەمێژوودا"، بەرگی ١، ٢ و ٣، بنكەی چاپەمەنی ڕۆشنگەری، ئاڵمانیا، ٢٠٢١؛ نرخی سێ بەرگ بە خەرجی پۆستەوە لە ناو ئوروپا، بۆ تاكەكەس ٥٠ پۆند بۆ كتێبخانە و زانكۆكان ٧٠ پۆند لە دەرەوەی ئوروپا ٩٠ پوند. ئەدرەسی ئیمەیل بۆ كڕین:* dastnus.as@gmail.com

***

## دووەم، "شیکردنەوەی دیوانی سەیید کامیل ئیمامی (ئاوات)"

کەم وزۆر هەموو بەشێکی کتێبەکە سەرەتا بە شێوەی وتاری هەفتانە لە سەر ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات- بۆکان (www.bokan.de) بڵاو بۆتەوە و ئەمساڵ بنکەی ڕۆشنگەری لە ئاڵمانیا لە ٢ بەرگ و ١١٠٠ لاپەڕەدا چاپی کردووە.

کتێبەکە شیکردنەوە، پەراوێز نووسین و واتاکردنەوەی وشە و عیبارەتی ناو **٢٩٣** پارچە شیعری *"کامیل شا، شاعیری عاشقی کوڕەشێخی وەرزێری خاوەن مڵکی مەلای دوازدە عیلمی تەنزنووسی شۆڕشگێڕی کوردپەروەرە!"* بە گوێرەی نووسەر، "ئەو سیفەتانە کەسایەتی هەمەلایەنەی ئەدەبی- سیاسی- ئایینی- کۆمەڵایەتی کەسێکی ئیمانداری موسوڵمانیان پێکهێناوە کە تا مۆخی ئێسقان کوردە، هەڵسووڕاوی کۆمەڵەی ژێکاف و ئەندامی فەخریی کومیتەی ناوەندیی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و نایب سەدری کومیتەی حزبی دیموکراتی کوردستان لە شاری بۆکان بووە، بە شان وشکۆی 'ئاڵای پیرۆز' ی کۆماری کوردستانیدا هەڵگوتووە، لە زیندانی داگیرکەرانی خاکدا خەوتووە، جێگەی ڕێزی کۆمەڵانی خەڵکی شار و گوند بووە، دۆست و هاوڕێکانی سوێندیان بە سەری خواردووە، سەری چووبێت نوێژی نەچووە، لە خانەقای زەنبیل و مزگەوتی گوندەکەی خۆیدا عیبادەت و تەهلیلەی کردووە، بەڵام شیعری عاشقانەشی گوتووە، خاوەن مڵك و گوند و ڕەعیەت بووە، بەڵام داوای مافی پاڵە و سەپانیشی کردووە، تەنز نووس و شیعر-خۆش بووە، توخمی درامایی لە شیعرەکانیدا بەهێزە و وێنەی سروشتی کوردستانی وا وەستایانە بە وشە کێشاوەتەوە کە لە نیگارکێشێکی سەرکەوتوو کەم ناهێنێت".

سوڵتانی لە سەرتایەکی پڕناوەڕۆکدا، بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیان و پێگەی وێژەیی، کۆمەڵایەتی، ئایینی، عیرفانی و سیاسی شاعیری ڕوونکردۆتەوە و وێڕای لێکدانەوەی وردی شێعرەکان، شوێن پێی شاعیرانی کورد و فارس لەسەر ئاوات و پەیوەندی شیعرەکانی بە ڕووداوە مێژوویی - سیاسییەکانی کوردستان و ئێرانەوە هەڵگرتووە، تەنزی شاراوەی ناو شیعرەکانی دەرخستووە و پەند و مەتەڵی کۆنی کوردیی ناو شیعرە ڕەنگاوڕەنگەکانی شاعیری ناساندووە؛ نووسەر بە وردییەکی تایبەخۆوە، جیاوازیی نێوان هەردوو نوسخەی چاپکراوی دیوانی شاعیری دەست نیشان کردووە- ئەو دوو چاپە، پێشتر بە هیممەتی بەڕێزان نەجمەدینی ئەنیسی و جەعفەری ئیمامی کوڕی شاعیر (بەیارمەتی کاك سەلاح ئاشتی و کاك ئەحمەد مەولانی) لە ناوخۆی وڵات بڵاوبوونەتەوە.

لە کاری تازەی سوڵتانیدا جگە لەوەی سەرجەم شیعرەکانی ئەو دوو چاپە دەبینرێن، زانیارییەکی ووردیش سەبارەت بە ناوەڕۆکی شیعرەکان و ڕێکەوت و بۆنەی گوترانیان ڕاگەیەنراوە. لە کتێبەکەدا هەرکام لەو شیعرانە بەگوێرەی ڕێکەوتی گوترانیان لە سەرەتای ساڵی ١٣١٠ تا کۆتایی ١٣٦٨ی هەتاوی (١٩٣١ تا ١٩٨٩ز) بەشوێن یەکتردا هاتوون و ڕەوتی کاری هونەریی شاعیر بە بێ پسانەوە و بەرز و نزمی،

خراوەتە بەرچاوی خوێنەر، چەند پارچە شیعریشی لێ زیاد کراوە کە بە هۆی سانسۆری حکوومی یا هەر هۆکارێکی دیکەوە، لەو دوو دیوانەی چاپی ناوخۆدا نابینرێن.
باوەکوو لە باشووری وڵات کاری هەڵسەنگاندنی و شیکاریی بۆ شاعیرانی وەك مەلای جزیری، مەولەوی، نالی، شێخ ڕەزای تاڵەبانی و سالم بەڕێوەبراوە، بەڵام تا کاتی بڵاوبوونەوەی ئەم کتێبە، هیچ شاعیرێکی کلاسیکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەختی ئەوەی نەبووە کاری شیکارانەی هاوشێوە لەسەر هەموو شیعرەکانی بە سیاسی، ئایینی، کۆمەڵایەتی و غەرامییەوە بەڕێوە بچێت و بەم پێیە، دیوانەکە دەبێتە ڕچەشکاندن بۆ داهاتوویەك کە هیوایە تێیدا کاری جیددی لەسەر ژیان و سەرجەم ئاسەواری شاعیرانی نەمری وەك وەفایی، هەژار، هێمن، هێدی، حەقیقی، خاڵەمین، نووری، سوارە و ئەوانیتر بەرێوە ببرێت و ڕۆڵەکانی داهاتووی وڵات بتوانن ئەو کۆڵەکانەی مێژووی ئەدەبی خۆیان بە باشی بناسن.
نووسەر لە سەرەتای کتێبەکەدا نووسیویەتی "باری کورد بە تایبەت لە بواری فەرهەنگیدا، کەوتووە و سەرجەم کولتوورەکەمان لەلایەن چوار دوژمنی بێ بەینەتەوە لە مەترسیی توانەوەدایە؛ ئەگەر هەرکەس بە گوێرەی توانای خۆی، قۆڵی هیممەت بۆ پاراستن و مانەوەی ئەو فەرهەنگە لەمێژینەیە هەڵنەماڵێت، ئەستەمە بارمان بگاتە مەقسەدی دوور" و ئاواتی خواستووە کە "گەلەکەمان لەو داهاتووەدا ڕۆژی ڕووناکتر لە ئێستا ببینێت."

ئەوەش تایبەتمەندیی کتێبەکەیە:

*سوڵتانی، ئەنوەر، "شیکردنەوەی دیوانی سەیید کامیل ئیمامی (ئاوات)"، بەرگی ١و ٢، بنکەی چاپەمەنی ڕۆشنگەری، ئاڵمانیا، ٢٠٢٢؛ نرخی هەردوو بەرگ بە خەرجی پۆستەوە لە ناو ئورووپا، بۆ تاکەکەس ٤٠ پۆند بۆ کتێبخانە و زانکۆکان ٥٠ پۆند؛ لە دەرەوەی ئورووپا ٦٠ پوند.*
*ئەدرەسی ئیمەیل بۆ کڕینی کتێبەکە:* dastnus.as@gmail.com